**بەناوی خوای بەخشندەوە میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٧**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**یەکەم:** ئەوانەی ئەو ترومبێلانەیان لە دەستە کە تابلۆی هێنانە ناوەوەی گومرگی کاتیان بەسەرەوەیە دەبێ سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ناوخۆ بکەن، بۆئەوەی ئەو ڕەسمە پێویستانە بدەن کە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی بەرقەرابوونی ئەم بڕیارە تێنەپەڕێ بۆ مەبەستی تەواو کردنی ئیشوکاری تۆمارکردن.

**دووەم:** دوای بەرقەراربوونی ئەم بڕیارە تابلۆی هێنانە ناوەوەی گومرگی کاتی تەرخان ناکرێ بۆ ئەو ترومبێلانەی دەهێندرێنە ناو هەرێمەوە کە بەڵگەنامەی یاسایی تۆمارکردنیان نییە.

**سێیەم:** هەر ترومبێلێکی سەرپێچی کاری حوکمەکانی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی سەرەوە بێت دەستی بەسەر دادەگیرێت.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنی ترومبێل و ماکینەو کەلوپەلی باش و لەکارنەکەوتوو یا ساغە، ئەگەر بێ کەلک بوون، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندنی گومرگ و هاتوچۆ(مرور) و ئاسایش دەکرێ هەڵبوەشێندرێن، سەرپێچیکار بەدوو قاتی نرخەکەی سزا دەدرێ. جگە لە سزای تر کە لە یاساکانی تردا دەقیان گرتووە.

**پێنجەم:** لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**شەشەم:** کار بە هیچ دەقێکی تر ناکرێ کە لەگەڵ ئەم بڕیارە هاودژبێ.

**حەوتەم:** وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە.

**هەشتەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**